هەرکەسێک پەیمانی مسۆگەریم پێبدات لە پاراستنی ئەوەی لە نێوان هەردوو شەویلکەیدایە (زمانی) وئەوەی لە نێوان هەردوو قاچیدایە (دامێنی - عەورەتی)؛ ئەوا من مسۆگەری چوونە بەهەشتی بۆ دەکەم

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک پەیمانی مسۆگەریم پێبدات لە پاراستنی ئەوەی لە نێوان هەردوو شەویلکەیدایە (زمانی) وئەوەی لە نێوان هەردوو قاچیدایە (دامێنی - عەورەتی)؛ ئەوا من مسۆگەری چوونە بەهەشتی بۆ دەکەم».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی دوو شت دەکات ئەگەر مسوڵمان پێیانەوە پابەند بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، یەکەم: پاراستنی زمان لە ووتنی ئەو قسانەی دەبێتە هۆی توڕەبوونی خوای گەورە -سبحانە وتعالى-، دووەم: پاراستنی دامێن -عەورەت- لە تووشبوون بە داوێن پیسی؛ چونکە زۆر تاوان بەم دوو ئەندامە دەکرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3475